**به ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**به ناوی گەلەوە**
**ئه نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ٣**
**مێژووی دەرهێنـــــان: ٢٠٠١/٤/١٢**

**(( بـڕیــــار ))**

پشت به حوکمەکانی برگه (٨)ی ماددەی (٥٦) له یاسای ژماره (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ماددەی (٩٤)ی پێڕۆی ناوخۆ ژماره (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ــ عێراق و ، له سەر داواکردنی سەرۆکی ئەنجومەن ، ئەنجومەنی نیشتمانی له دانیشتنی ژماره (٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٤/١١) یدا بڕیاری دەرهێنانی ئەم هەموارکردنەی خوارەوەیدا :

**چـوارەمین هەمـوارکـردنی پێڕۆی ناوخـۆی ژماره ( ١ )ی هەموارکراوی ساڵی ( ١٩٩٢ )ی**
**ئه نجـومەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

**ماددەی یەکەم :**

مـاددەی (٣٨)ی پێـڕۆی نـاوخۆی ئەنجومـەن هـەموار دەکـرێ و بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:

لیژنه هەمیشەیی‌یەکانی ئەنجومەن ئەمانه دەبن :

١. لیژنەی کاروباری یاسایی .
٢. لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری .
٣. لیژنەی کاروباری ناوخۆ .
٤. لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری .
٥. لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردنی باڵا .
٦. لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.
٧. لیژنەی پێوەندی‌یەکان و کاروباری رۆشنبیری.
٨. لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی .
٩. لیژنەی شارەوانی‌یەکان و گواستنەوەو گەیاندن .
١٠. لیژنەی پیشەسازی و وزه و کانزاکان .
١١. لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.moikurdistan.com

١٢. ليژنەی مافی مرۆڤ .

١٣. ليژنەی ئيش و كارو ئاوەدانكردنەوە .

١٤. ليژنەی پاراستنی مافی ئافرەت .

**ماددەی دووەم :**

برگە (٣)ی ماددەی (٣٩) هەموار دەكرێ و بەم شێوەيەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە .

((ليژنـە هەميـشەيیيەكان لـە ژمـارەيێ پێـك دەهێنـرێن لـە پێـنج ئەنـدام كـەمتر نـەبن و ، هـەر ليژنـەيێكيش سـەرۆكێك و نوێنـەری سـەرۆك و مقررێـك لـە نێـوان ئەندامەكانيـدا بـۆ خـۆی هەڵدەبژێرێ)).

**ماددی سێيەم :**

ئـەم هەمواركردنـە لـە رۆژی دەرچـونیيەوە كـاری پـێ دەكـرێ و لـە ( وەقـايعی كوردسـتان) دا بڵاودەكرێتەوە .

**د . رۆژ نـــوری شـاوەيـس**

**سـەرۆكی ئەنجـومەنی نيشتمانيی كوردسـتانی عێـراق**